# شیعریەتی لێبوردەیی

## «گفتوگۆی نێوان ڕامین جهانبێگلو و جەلال بەرزنجی»

**لە ئینگلیزییەوە: د.عوسمان یاسین**

**تێبینی جەلال بەرزنجی شاعیر:**

ڕامین، پرۆفیسۆری فەلسەفە و کارگێڕی سەنتەری مەهاتما گاندییە بۆ ئاشتی، لە زانکۆی مەهاتما گاندی، لە نیودەلهی، چەندان کتێبی فەلسەفی و فیکری بە زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی بلاو کردۆتەوە. لەم گفتوگۆیەدا بیروڕا لەسەر زۆر بابەت دەگۆڕینەوە، لەوانە، تاراوگە، کوردستان، ئازادی، تۆڵە و هونەری لێبوردەیی. لە گۆڤاری ڕانانی ئەدەبی کەنەدا LITERARY RE-VIEW OF CANADA، ژمارە ٢٥- ١٢-٢٠١٧ بلاوکراوەتەوە.

**ئەم تێبینییەی شاعیر، لە فەیسبووکی خۆی لەکاتی بلاوبوونەوەی گفتوگۆکە بە زمانی کوردی نووسیویەتی، منیش بەپێویستم زانی لە پێشەکی گفتوگۆیەکە، وەک خۆی بلاوی بکەمەوە.**

ڕامین جیهانبێگلوی سیاسەتوان و فەیلەسوف سەرەتا نێوبانگی لە کەنەدا دەرکرد، دوای دەستگیرکردنە نارەواکەی لە تاران، بۆ ماوەی دە ساڵان، یان زیاتر وەک کێشەیەکی مافەکانی مرۆڤ باسی لێوەکراوە. ڕامین جیهانبێگلو لە ساڵی ٢٠٠٦ لەو کاتەی لە تاران سەردانی خێزانەکەی دەکرد، بە تاوانی ئەوەی هەڕەشە لە دەوڵەت دەکات، دەستگیرکرا. ئەو کە نووسەری چەند کتێبێکە لەوانە کتێبی (گفتوگۆ لەگەڵ ئیزایا بێرلین ١٩٩١) و دەرچووی زانکۆکانی سۆربۆن و هارڤاردە، بۆ ماوەی چوار مانگ خرایە زیندانی تاکەکەسییەوە، ئەو مەینەتییەی لە کتێبەکەی (کات هیچ ناڵێت: فەیلەسوفێکی ڕزگاربوو لە زیندانی ئێران- Time Will Say Nothing: A Philosopher Survives an Iranian Prison) ختسووەتە ڕوو.

جیهانبێگلو ئێستا پرۆفیسۆرە و جێگری ڕاگری کۆلێژی یاسایە لە زانکۆی جیندالی جیهانی لە دەلهی Jindal Global University، هەروەها بەڕێوەبەری جێبەجێکارە لە سەنتەری ئاشتی لە زانکۆی ماهاتما گاندی. نوێترین کتێبی جیهانبێگلو پێوەندی بە ئەزموونی دە ساڵانییەوە هەیە، لە بارەی تێڕوانینی دیکەوە. لەمەڕ لێبوردەیی و تۆڵەسەندنەوە: چەند وانەیەک لە بەندیخانەی ئێرانی (چاپی زانکۆی ڕیگینا) ڕوانگەیەکی فراوانی لێبوردەییە لە زوومی کامێرای فەیلەسوفێک، ئەمە کتێبێکی گونجاوە دەربارەی ساڵی مەترسیدار «annus horribilis» (١) کە دەرفەتگەلێکی بێ کۆتایی دەخاتەڕوو بۆ پیادەکردنی لێبوردەیی و خۆڕاگری و ئارامگرتن و ئاشتەوایی.

جەلال بەرزنجی شاعیری کوردستانی و کەنەدی وێکچوون و خاڵی هاوبەشی زۆری لەگەڵ جیهانبێگلو هەیە، ئەو نووسەرە خاوەنی کۆمەڵە شعرێکە، لەوانە "دووبارە هەوڵدەدات کات بووەستێنێت" «هەوڵدان بۆ گرتنی مەوداکان» (٢) و "پیاوە بێجامە شینەکە:



رامین جیهانبێگلو



جەلال بەرزنجی

بیرەوەرییەکانی زیندان"، «هەردووکیان لە چاپخانەی زانکۆی ئەلبێرتا چاپ کراون». ئەویش وەک جیهانبێگلو بە نادادپەروەرانە لە ئێراق زیندانی کراوە، کاتەکانی ژیانی لە گەڕان بە دوای پرسیاری تاراوگە و ئازادی لە نووسینەکانیدا گوزەراندووە، هەروەها دەبووایە سازش لەگەڵ جوولاندنی زوڵمێکی گەورەی ڕابوردوو بکات. ئەو لە ڕێگای پۆستی ئەلکترۆنی گفتوگۆی لەگەڵ جیهانبێگلو کردووە، باسی زیندانی و ئازادی و هونەری لێبوردەییان کردووە.

**بەرزنجی:** من زۆر سەرسام بووم کاتێک کتێبەکەتم خوێندەوە و زانیم باوکت کوردە و خەڵکی شاری سنەیە لە کوردستانی ئێران، کە شاری هونەر و ڕۆشنبیری و ئەدەبییە، بەڵام من لام ئاسایی بوو کە بزانم ڕەگوریشەت بۆ ئەو شارە جوانە دەگەڕێتەوە، چونکە لەبەر بێ بەختی کورد هەمیشە چارەنووسی خەڵکەکەی کۆچکردن بووە، کە ئەمەش دەبێتە هۆی لە دەستدانی زمان، بەڵام ئایا ئێمە بە بەخت نەبووین کە زمانێکی دیکەمان هەبێت بۆ دەربڕینی هەست و سۆز و هزرمان دەربارەی ئاشتی و ئازادی و جوانی ؟

**جیهانبێگلو:** جوانت هێناوە، من لە تەهران لە دایک بوومە، نە من نە دایک و باوکم بە کوردی قسە ناکەین، بەڵام باوک و باپیرانم لە شاری سنەوە هاتوون، کە لە هۆزێکی بە نێوبانگی کوردن بە ناوی هۆزی جیهانبێگلو، هاورێ تورکەکانم هەمیشە بە زمانی تورکی بانگم دەکەن و پێم دەڵێن جیهانبیلی .Cihanbeyli باپیرەم هەموو سۆمبوڵەکانی باب و باپیرانی خۆی پاراستبوو، بە تایبەتی ئەو شمشێرانەی لە لایەن باپیرانییەوە پێیان درابوو، کە لە دواییدا بە میرات بۆ من مانەوە. من لەژێر دەسەڵاتی ئەم دوو ڕژێمەدا ژیاوم: دووەم ڕژێمی پەهلەوی و ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران، ڕژێمی یەکەم باوکمی خستە زیندانەوە و ڕژێمی دووەم منی زیندانی کرد.

**بەرزنجی:** بەڕاستی ئەمە جێگای شۆکە، بەڵام بۆ من جێگای سەرسوڕمان نییە، لە نێوان ژیانی من و تۆدا چەندان خاڵی وێکچوون و هاوبەش هەن. لە سەردەمی تاریکی ڕژێمی سەدام حوسێن دا دوو ساڵی ژیانم لە زیندان بەسەر برد، باوکیشم لە شاری هەولێر دەستگیرکرا و خرایە زیندانەوە، لە گوندێکی بچووکی کوردستانی ئێراق کە بێ ئاو و کارەبا بوو پەروەردە بووم، کە تەمەنم بووە حەوت ساڵان، ئینجا قوتابخانە لەو گوندە کرایەوە. هەر لە زووەوە خولیای خوێندنەوەی کتێبان بووم، باوکم هەمیشە بە دوامەوە بوو، کاتێک لە چوونە قوتابخانە دوادەکەوتم، هاواری دەکرد: خێراکە جەلال، نامەوێت لە ژیاندا وەک من نەخوێندەوار و کوڵەوار بیت، ئەمە هەمیشە لەگەڵ من بوو، دواتر دوای ماوەیەکی کورت ئەم

قوتابخانەیە و گوندەکەشمان لە ساڵی ١٩٦١ کەوتە بەر بۆردومانکردن، دوای دوو ڕۆژ لە تەقاندنەوەی گوندەکەمان، باوکم دەستگیرکرا و خرایە زیندان، ئەمە دوا جار نەبوو هیوا و خەونەکانم لە لایەن حکوومەتەوە لەباربرێت.

**جیهانبێگلو:** بە ڕاستی جێگای شانازی و دڵخۆشیم بوو، کە کتێبەکەتانم خوێندەوە(٣)، چەندان وێکچوونم لەگەڵ ژیاننامەی خۆم (بیرەوەرییەکانم) بە ناوونیشانی (کات هیچ ناڵێت Time Will Say Nothing) کاتی زیندانیم لە ساڵی ٢٠٠٦ دا دۆزییەوە، بەجیاوازی لەگەڵ مەینەتی تۆدا، من سەت و بیست و پێنج ڕۆژم لە بەندیخانەی تاکەکەسیدا بەسەربرد، هەروەها ئەشکەنجەی دەروونی درام، هەموو ڕۆژێ هەشت کاتژمێر لێکۆڵینەوەم لەگەڵدا دەکرا، تا دان بەو تاوانانە بنێم کە نەمکردبوون، بەڵام من بە خوێندنەوە و نووسین ڕزگارم بوو، گوتەکانم لە پشت کارتۆنی چنین دەنووسی کە کردبوومە پارچەی بچووک، هەندێکیان پاسەوانانی بەندیخانە دەستیان بەسەرداگرتن، بەڵام ئەو نووسینانەی سەر ئەو پارچانەی مانەوە بە زمانی فارسی لە کتێبێکدا لە ژێر ناوونیشانی «ئەقڵ لە زستان»(٤) بڵاوم کردنەوە.

**بەرزنجی:** دەمەوێت لە پێش هەموو شتێکەوە وەسفی نامورتاحیم بکەم لە کاتی زیندانیکردنمدا، ئەمە قسەیەکی نامۆ و سەیرە بۆ پێناسەکردن، بەڵام وا بوو: فەزا، قەبارە، بۆن و ڕۆتین لەزیندانیشدا هەبوون. کتێبخانەیەک کە لەزەتم لێی وەردەگرت لێم بووە ئەم زیندانە. بەندیخانە ئەو شوێنە بوو کە پێوەندییەکی قووڵم لەگەڵیدا هەبوو. تێیدا لە نیگەرانی و لە دڵەڕاوکێدا بووم. هەندێ جار زۆر بە ئەستەمی دەزانم بتوانم هزرم بخەمە سەر هیچ شتێک و تەرکیزی لەسەر بکەم، بەڵام ئەوەم لا جێگیرە کە لە زینداندا لە نالەبارییەکی جەستەیی و عەقڵیدا بووم. ئەو کەسانەی کە لە بەندیخانەدا لەگەڵیان بووم ژیانمیان گۆڕی. زۆربەی ئەو کەسانەی لەگەڵیان دەژیام لە بەندیخانە لە هزری تۆڵەسەندنەوەدا بوون. زۆر جاران کێشەیە ئەگەر مەیلت وەک ئەو گرووپە نەبێت کە لەگەڵیاندا دەژیت و نەکەوییە ژێر کاریگەری ئەوانەوە. لەو بارەدا شتێکی بە سوودە کە تاک کەم، یان زۆر تاکخوازی خۆی بپارێزێت، یان نوێنەرایەتی تاکخوازی خۆی بکات لە ناو گرووپ، یان یەکەیەکی گەورەدا.

خوێندنەوەی کتێبە(٥) پڕ بەهاکەی بەڕێزتان سەرسامی کردم، پاڵنەرێکی زۆرت هەیە بۆ دوورکەوتنەوە لە تۆڵەسەندنەوە، ئەمەش وای کردووە کە ئەوەی پێی دەگوترێت بەربەرییەت و نەژادپەرستی، تێک بشکێنی هەروەک خۆت باست کردووە، هەروەها پەنجەت خستووەتە سەر جۆرێک لە تۆڵەسەندنەوە بە هۆی پاڵنەری شتی دیکەوەیە، کە هەندێ جار بە هۆی شانازیکردن و لووتبەرزییەوەیە، من سەرم سوڕماوە کە زیندانی تاکەکەسی چۆن بەشدار بووە و چ تواناییەکی پێ بەخشیوی تا بەو ئەنجامانە بگەی؟ تۆ باسی گاندی دەکەی: ئایا ڕێگای لێبوردەیی تەنیا پێویستی بە کەمێک کات هەیە تا پێوەندی لەگەڵ خودی خۆت بکەی و سەرقاڵی وردبوونەوە و تێڕامان بیت، ئەگەر بتوانیت وابکەی؟

**جیهانبێگلو:** لێبوردەیی لە خۆڕا نایەتە کایەوە، بەڵکو پێویستی بە کاتە و بە تێپەڕینی کات لێبوردەیی دروست دەبێت. ئەگەر لە ویژدانی کەسێکدا شێوەی خۆی وەرگرتبێت. هەندێ کەس هەرگیز ڕوحی لێبوردەییان نییە و لە کەس نابوورن، ئەمەش بەهۆی قورسی و بەهێزی ئەو خراپکارییەیە کە پێیدا تێپەڕیون. لەو باوەڕەدام ئەمە بارودۆخی ئەو کەسانە بووە کە لە کەمپەکانی دەستبەسەرداگرتنی نازییەتدا ئازار و ئەشکەنجە دراون، ئینجا ئەو کەسانەش هەن کە دەبوورن، بەڵام هەرگیز ناخۆشییەکان لەبیر ناکەن. من وا بیردەکەمەوە کە پێویستە ڕوحی لێبوردەییمان هەبێت تا ئەو لاپەڕەیەی ژیان دابخەین کە ئازاربەخشە و لاپەڕەیەکی نوێ لە ژیان هەڵدەینەوە، بەڵام داخستنی ئەو لاپەڕەیە خیانەتی مێژوو ناگەیەنێت. ئێمە هەر تەنیا لە ویژدانمان بەرپرسیار نین، بەڵکو لە بەرانبەر نەوەکانی داهاتووش بەرپرسیارین، ئەوانەی پێویستییانە بزانن چی ڕووی داوە، ئەمە تاکە ڕێگایەکە بۆ ڕێگریکردن و سنووردانان بۆ بەردەوامبوون و سووڕی توندوتیژی.

کاتێک کتێبەکەت دەخوێنینەوە، دەبینین نووسینەکانت پڕیەتی لە سۆز و بەزەیی و هەستناسکی و خۆشەویستی، کاتێک باسی هاوڕێ بەندکراوەکانی زیندانت دەکەی، هەتا کە باسی پاسەوانەکانی زیندانیش دەکەی، تەنانەت لە لاپەڕەکانی کۆتایی کتێبەکەت کە باسی لە

سێدارەدانی سەدام حوسێن دەکەیت، کە وەک ستالین و هیتلەر دڕندە بوو، هەست بە هیچ حاڵەتێکی بوونی جۆرە ڕوحێکی تۆڵەسەندنەوە لە قەڵەمەکەت ناکەم. سادەیی و بێ تاوانی مرۆڤایەتی لە نووسینەکانت دەبینم. هەروەک چۆن ئەو حاڵەتە لە بەرهەمەکانی ئەلبێر کامو(٦) بەدی دەکەم کە گوتوویەتی دەبێت ئێمە نە لە قوربانییەکان بین، نە لە جەللادەکان، neither victims nor executioners.(٧)

**بەرزنجی:** من پرسیار لە خۆم دەکەم کە لێبوردەیی چەند ئاسان دەبێت، ئەگەر ئێمە هەموومان وەک هانا ئارندت(٨) بیربکەینەوە. زۆر ئاسانە لە دەفرێکی بەتاڵ خۆش ببیت، لەوانەیە ئێمە هەموومان بە مانایەک لە ماناکان دەفرێکی بە تاڵ بین، سروشتی خۆمان بەشدارە لە جووڵە بەتاڵەکان.

**جیهانبێگلو:** ئارندت ڕۆڵێکی گرنگی لە ژیانمدا هەبووە، ئەو تاکە بیرمەندی جوولەکە نییە کە هەست بەوە دەکەم لێیانەوە نزیکم. من شانسی ئەوەم هەبووە کە هزری فەیلەسووفی وەک ئیمانوئیل لیڤیناس و ئیزایا برلین و جۆرج شتاینر(٩) بناسم، کە کاریگەرییان لەسەر هزر و نووسینەکانم هەبووە، لەوانەیە ئەمە هۆکارێک بووبێت کە لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئێرانەوە تۆمەتبار کرابم بەوەی من جوولەکەم خۆش دەوێت و لە لایەنگرانی ئەوانم. بە دڵنیاییەوە پەیوەندیم بەو فەیلەسووفانە، بووە هۆی ئەوەی کە ببنە بابەتی بەدواداگەڕان و لێکۆڵینەوەی چەندان کاتژمێری لەژمار نەهاتوو کە بە چاوبەستانەوە لە بەندیخانەی ئێڤن لەگەڵمدا دەکرا.

**بەرزنجی:** لە بیرکردنەوەمدا لەسەر ئەو خاڵە وەستام، کە ئاخۆ کاتێک عەقڵیەتی گرووپ تووشی شێواندن دەبێت و لە توندوتیژییەوە دەگلێت، ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی لێبوردەیی بۆ قوربانیانی توندوتیژی پرۆسەیەکی ئاسان بێت؟ من هیچ جۆرە ڕق و کینە و هەستێکی دوژمنکارانەم بەرانبەر بەو کەسانە نییە کە دەستگیریان کردبووم و منیان خستە بارێکی نالەبارەوە کە پێشتر باسم لێوەکرد، بەڵام هەست بە زەحمەتییەکی زۆر دەکەم تا لە بەرانبەریان لێبوردە بم و بیانبەخشم، بۆ نموونە حەسەن عەلی ئەلمەجید - عەلی کیمیاوی کە بەتاوانباری هێرشی سەر هەڵەبجە ناسراوە، لەخۆم پرسیوە کە ئاخۆ وەک هانا ئارندت کە چۆن سەیری ئەیچمانی Eichmann(١٠) کردووە، من عەلی کیمیاویم وەک پیاوێکی بوودەڵە لە دادگا بینیوە کە خۆی یەکێکە لەوانەی ڕۆچۆتە ناو سیاسەتی حزبی بەعس، چۆن ئەمە وادەکات کە پرۆسەی لێبوردەیی ئاسانتر بێت؟ لەوانەیە ئەمە وام لێ بکات لای کوردەکان وابزانرێت کە من هەواداری حزبی بەعسم، هەروەک چۆن وا لێکدراوەتەوە کە هانا ئارندت هەواداری نازی بوو، هەروەک چۆن وا لێکدراوەتەوە کە تۆش بوویتە هەواداری جوولەکە.

ڕاستییەکەی ئازادی ڕادەربڕین لە کەنەدا لە ڕادە بەدەرە و گرێنتی خۆی وەرگرتووە، لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا ئازادی ڕادەربڕین ئەو شتەیە کە ئێمە خەباتی بۆ دەکەین و تێدەکۆشین هێندە ئاسان نییە، بەڵکو کارێکی قورسە.

**جیهانبێگلو:** لەوانەیە ئەوەی کەسەکانی زۆر تووشی سەرسوڕمان کردووە لە مەڕ تێگەیشتن لە لێبوردەیی، ئەوەیە کە وا دەبینرێت و هەستی پێ دەکرێت لێبوردەیی شتێکی نوێیە هاتۆتە ناو ژیانمان، بەڵام ڕاستییەکەی لێبوردەیی ئاسۆیەکی هاوبەشی مرۆڤایەتییە، چونکە خودەتاکەکان و ئەوانی دیکە دەگرێتەوە. بە پێچەوانەی تۆڵەسەندنەوە، لێبوردەیی ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستەوخۆی ستەمکردن نییە، ئەمە زۆر پێچەوانەیە. هەموو مرۆڤەکان دەتوانن پەرچەکرداریان هەبێت، بەو مانایەی کە بیرکردنەوەکانیان لەبارەی ئەوەی دەیکەن، بەشێکە لەوەی دەکرێت، کەواتە بۆچی ئێمە بیرکردنەوەیەکی گرفتئامێزمان دەربارەی لێبوردەیی هەیە؟ ئەمە کەموکووڕی و لاوازییەکی هەر تەنیا وڵاتانی موسوڵمان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نییە (هەروەک ڕۆژئاواییەکان وای بۆ دەچن)، بەڵکو کەموکووڕییەکی هەموو جیهانە. من سەرسامم بە گەلی کورد کە بە عەقڵ و دڵیان بیریان لە تۆڵەسەندنەوە نەدەکردەوە وەک وەڵامێکی ئەو مەینەتییەی بەسەریان هاتبوو، بۆ ئەوان هەموو شکستێک سەرەتایەکی نوێیە و کازیوەیەکی تازەیە لە هیوا.

**بەرزنجی:** سەدان ڕێگای جیاواز هەن بۆ سەیرکردنی خەباتی نەتەوایەتی کورد بۆ سەربەخۆیی، تێڕوانینی من لەسەر ئەو بڕوایە بنیاکراوە کە دەبێت مافی چارەی خۆنووسین بەوانە بدرێت کە لێی دەگەڕێن و بۆی تێدەکۆشن، من ئەوەندە نەزان، یان ساویلکە نیم کەوا بزانم ئەمە کارێکی چاوەڕوانکراوە، یان موکینە لە

بارودۆخی سیاسی ئەمڕۆکەدا، بەڵام من لەو باوەڕەدام کە زۆربەی ئەوانەی مەترسی و کاریگەری داگیرکەر، یان داپلۆسینی ناسنامەیان بینیوە بە هەمان ئاکام دەگەن، کە من باسم کرد. لێرەدا ئەم دێڕە لە کتێبی (پێستی ڕەش و دەمامکی سپی Black Skin, White Masks)ی فرانز فانۆن(١١) زۆر گونجاوە باسی بکەین کە دەڵێت (مرۆڤ تا ئەو کاتە مرۆڤە و بوونی هەیە، کە هەوڵ و کۆشش دەکات تا بوونی خۆی بەسەر مرۆڤەکانی دیکەدا بچەسپێنێت، تا لە لایەن ئەوانەوە بناسرێت، تاکو ئەو مرۆڤە بە شێوەیەکی چالاک نەناسراوە، ئەوانی دیکە دەبنە بابەتی چالاکییەکانی (ئەو مرۆڤە)...)

لەو کاتەی کە بوونی ئێمە بە تەواوی فەرامۆش ناکرێت، ئەستەمە بەو بیرۆکەیە بگەین، کە ئێمە بوونمان دەبێت و بە شێوەیەکی کاریگەر بوونمان هەیە، ئەمەش لە ژێر سایەی ئەو جۆرە پێناسەیەی کە لە لایەن ئەو دەوڵەتانەی پێیانەوە پەیوەستین، بۆمان دەکرێت.

سروشتی جیابوونمان، لە ڕوانگە و بەرژەوەندی کۆماری تورکیای ئەتاتورک، لەوەدا ڕەنگ دەداتەوە کە ئەو ناسنامەیەی پلەی دووەمان پێ ببەخشرێت کە پێم وایە ئەمە بە بێ ئەوەی پێی بزانین لە هۆشیارماندا چەسپاوە. ئێمە ئێستاکە ئەو تواناییەمان نییە کە پرسیار بکەین و بڵێین ئێمە کێین، بە بێ ئەوەی ئەو پرسیارکردنە ڕەنگدانەوەی ئەو بەرژەوەندییانە نەبێت کە ئێمە بە کۆ و بە تاک خاوەنیان نین.

**جیهانبێگلو:** هەندێ جار باوەڕم وایە، کە ئەو خەڵکانەی لە ناوچەکانی ئێمەدا دێن، تێکەڵەیەکی سەیرن لە ئازار و سۆزداری لەو کەسانەی کە دەتوانن گۆرانی بڵێن و سەما بکەن و هۆنراوە بەهەمان ئەو سۆز و حەماسەتەوە دەخوێننەوە کە لە پێناو پارچەزەویەکدا تێدەکۆشن و شانازی پێوە دەکەن. ئێمە هەردووکمان وەک یەکین، منداڵی ئەو کولتوورەین، ئەو کولتوورەی کە توندوتیژی و ئازارەکان، خۆشی سەرکەوتنی خود و نەوت، لەگەڵ یەکتردا تێکەڵ دەکات، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئەم کولتوورە تێکەڵەیەکیشە لە ئازایەتی و جوانی وەک مۆدەیەکی ژیان.

**بەرزنجی:** بەڵێ، ڕاستییەکەی ئەزموونەکانمان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەتی لە ئێراق و لە ئێران زۆر گرنگن بۆ ئێمە، کولتوور و چیرۆکەکانی هەزاران ساڵەی شارستانییەتەکانی ڕابوردوو لە ژێر چاودێری حکوومەت و ئایدیۆلۆژییەکاندا لە ناوچوون (هەندێ جار دەردەکەونەوە و زۆرجاران ون دەبنەوە). لە قووڵایی قەبرەوە قسەمان بۆ دەکەن. وەک نووسەرێک من لەو باوەڕەدام کە لە سروشتی ئێمەیە کە لەو بابەتە مێژووییانە تێ بگەین کە لە ڕەفەی کتێبخانە و لە گۆشە تاریکەکانی شوێنە مێژووییەکاندا هەڵواسراون. من وای نابینم کە هەموو هەوڵ و کۆششەکانی بەڕێزتان بەرهەمی هەبوو بێت. دەزانم بەشێکی زۆری هی منیش هەر وا بووە، بەڵام لەو هەوڵ و کۆششانەت مانا دەدۆزمەوە کە لەوکاتەی ڕامدەکێشن بۆ هەوڵ و کۆششی دیکە.

**جیهانبێگلو:** کامو دەڵێت: ئێمە لە ترسێکی گەورەدا دەژین، چونکە دڵنیایی و بڕوا نەماوە؛ لەبەر ئەوەی مرۆڤ بە تەواوی لە مێژوودا نغرۆبووە، بەڵام هەندێ کات ئێمە پێویستمان بە وەستاندنی شەمەندەفەری مێژووە و دابەزینە لێی. لەوانەیە لەبەر ئەوە بێت کە ئێمە پێویستمان بە نووسینی شیعر و خوێندنەوەی شیعرە، تا بەزیندوویی بمێنینەوە.

**بەرزنجی:** بەڕێزتان لە کتێبەکەتاندا باسی دەستۆیڤسکی دەکەن و ئەو بیرۆکەیەی کە دەڵێت پێویستە بەیەکەوە بە ئاشتییانەوە بژین و پارێزگاری لە ئاستێکی هاوبەشی بەرپرسیارەتی بکەین. ئێمە هەموومان بەرپرسیارین بەرانبەر یەکتر، بەرانبەر گوناهەکانمان، تەنانەت لە بەرانبەر بەختەوەری یەکتریش بەرپرسیارین.

من هەوڵ دەدەم لە میانەی شیعرەکانمەوە لە تاریکیدا جوانی و ڕووناکی بەدەست بهێنم، بەلایەنی کەمەوە لەوەی کە من دەیبینم، بەڵام من لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵ دەدەم بیرەوەرییەکانی خۆم سەبارەت بەو ڕووداوانە بنووسمەوە کە بەسەر خۆمدا هاتوون. من هەست بە بەرپرسیارێتی دەکەم بۆ نووسین لەم بارەیەوە و بۆ ئەو کەسانەی کە لەگەڵم بوون، بەڵام ناتوانن بنووسن.

ئەم وتانەی بەڕێزتان جوانن کە دەڵێن: پێویستە زۆرجاران بۆ ماوەیەک شەمەندەفەری کات بووەستێت، بەتایبەتی لەکاتی نووسینی شیعردا، تاکو ئەگەر ئەوەش ڕوونەدا، من هەر لە نووسین بەردەوام دەبم، دواجار بەرپرسیارەتییەکان نایانەوێ دەستۆیڤسکی نائومێد بکەن.

**جیهانبێگلو:** زۆ باشە، پێویستە سپاست بکەم بۆ ئەو وروژاندن و هاندانەی لە شیعرەکانتدا هەستی پێ دەکەم. سەرسامم و کاریگەرم بە هێزی ڕوحی و توانایی سیستماتیکی لە کارەکانتدا.

دەمەوێت بڵێم هیچ ڕێگایەک نییە بۆ تێگەیشتن و مومارەسەکردنی لێبوردەیی، ئەگەر ناسین و پێویستی مرۆڤایەتی بۆ شیعر لە پێناو هەستکردنی شیعری بۆ ژیان ڕەت بکەینەوە. ڕاستییەکەی ئێمە لەو توانستە شیعرییە هاوبەشانەدا دەتوانین بەرهەمی ناسین و ئاشتەوایی بەدەست بهێنین. ئایا دەزانی ستالین لە تەمەنی گەنجیدا لە جۆرجیا شیعری نووسیوە؟ بەڵام لە ساڵەکانی دواتر چەندان شاعیری وەک ئۆسیپ ماندلشتام «Osip Mandelstam» (١٢)بوونە قوربانی پرۆسەی لەناوبردن و پاکتاوکردنی ستالین. ماندلشتام لە شیعرێکیدا دەڵێت:

**خەڵک ئەو شیعرەیان پێویستە، کە دەبێتە ڕازیان،**
**بۆ ئەوەی بۆ هەتا هەتایێ بە ئاگابن و**
**لە ناو شەپۆلی پرچێکی کاڵدا بیانشواتەوە**(١٣).

دەسەڵاتدارانی داپڵۆسێنەر هەمیشە لە شاعیران دەترسن، لەوانەیە لەبەر ئەوەبێت کە نوێنەرایەتی دەنگی ناتوندوتیژی و لێبوردەیی دەکەن.

**بەرزنجی:** سەدام حوسێن هەوڵی نووسینی شیعر و ڕۆمانی داوە، وادیارە توخمی شیعر لە ڕوحی هەموو کەسێکدا هەیە، بەڵام بۆ ئەنجامدانی ئەو پرۆسەیە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و گونجاو. وەک خۆتان دەزانن، زۆر جاران پێویستی بە هەستیارییەکی قووڵ هەیە، ئێوە دەڵێن دەسەڵاتدارانی داپڵۆسێنەر هەمیشە بە شاعیران نیگەرانن و دەترسن، کە ئەمەش ستایشێکی مەزنە بۆ ئێمە، لەوانەیە ئەو ترسە لە ئامادەباشی ئێمە بۆ باوەشکردنمان بە هەستیارییەوە هاتبێت، لەوانەیە من ئیعتیبارێکی زۆرم بە ئێمەی شاعیران دابێت.

**جیهانبێگلو:** تاکو ئەمڕۆکەش جیهانی ئێمە هەوڵ دەدات شاعیران بە نووسەرانێکی کەم بایەخ لە قەڵەم بدات، بەڵام نووسینی شیعر تامەزرۆترین شێوازی گۆڕینی ژیانە بۆ وشە. ڕۆلان بارت دەڵێت: "بینینی کەسێک کە نابینێت باشترین ڕێگایە بۆ ئەوەی بە تەواوی ئاگاداربین لەو شتەی کە ئەو نایبینێت". ئەوەیە ئەرک و کاری ئێمە وەک نووسەر کە هەوڵ بدەین ئەوە ببینین کە خەڵک نایبینێت، شتە نەبینراوەکان بکەینە وشەی بینراو، واتە شتە نەبینراوەکان بگۆڕین بۆ وشەی بینراو. لە جیهانی ئەمڕۆدا نووسەران وەک ئەو مرۆڤە وان کە بەسەر پەتێکی باریکدا ڕێ دەکات، چونکە زمانی سوود و ئەرکگەرایی (functionalism) بەردەوام لە شەڕدایە لەگەڵ وشەدا.

**بەرزنجی:** من لە وڵاتێک لە دایک بووم و گەورە بووم کە تێیدا گرنگی بە ئازادی ڕادەربڕین نەدەدرا، یەکەمین کۆمەڵە شیعرم (سەمای بەفری ئێواران) دوو جاران لە لایەن دەزگای سانسۆری ئێراقی ڕەت کرایەوە، تا دواجار لە ساڵی ١٩٧٩ چاپ کرا. ڕژێمی ئەو کات وەک تاوانبار ڕەفتاری لەگەڵ نووسەرانی سەربەخۆ و بێ لایەندا دەکرد و تەنگی پێ هەڵدەچنین و ئەشکەنجەی دەدان و دەیخستنە بەندیخانە و زیندانەوە و دەیکوشتن، یان ئاوارە و دەربەدەری دەکردن، هەر لەبەر ئەوە من دوو ساڵان خرامە زیندانەوە. من ڕێز و حورمەتێکی زۆرم بۆ کەنەدا هەیە، خۆشەویستییەکی قووڵم بۆی هەیە لەبەر ئەوە نا کە من و نووسینەکانمی ڕزگار کرد و پاراست، بەڵکو بە هۆی ئەو ئازادییەی کە بە سەرجەم خێزانەکەمی بەخشی بۆ ئەوەی هەر یەکەمان بێ ترس لە ئازاردان و چەوسانەوە، بەدوای خولیاکانی خۆماندا بگەڕێین. لایەنی ناهەمواری ئەو سەقامگیرییە مەترسی کەوتنە ناو ڕۆتین بوو. ئەمەش وەک هەمان ئەو ئازادییەی کە سروشتی خاک دەیبەخشێت. هەندێک جار هەست دەکەیت لە ژێر گوشاری بەرپرسیاریەتی و پابەند بوون دایت. دەرفەتی ئاڵوگۆڕی بیروڕا لەگەڵ بەڕێزتان، دابڕانێکی بچووک بوو لەو ڕەوشە، پشوویەک بوو.

هەرچۆنێک بێت، من لەو باوەڕەدام کە شیعر بە ڕێگایەکی هاوشێوە، خزمەتی منی کردووە، لە ژێر گوشارێکی زۆر لە قۆناغێکی خەمۆکی زۆری مندا. زۆر باشە من سپاست دەکەم کە شیعری منتان وا وەسف کردووە کە ئاشتیخوازانەیە، دواجار ئەمە مەبەستی من بووە کە شیعرەکانم وا بن، هەڵبەتە بۆ خوێنەر نا -من لەو بڕوایەدام خوێنەر دەبێت مانای تایبەتی خۆی لە شیعردا بدۆزێتەوە، بەڵام بۆ من بە دڵنیاییەوە وایە. بەڕێزتان باسی پێوەندی من لەگەڵ زەوی و خاکتان کرد، لە ماوەی ژیانی بەندیخانەمدا، لەوانەیە زیندانی ئەقڵم لە ژێر سانسۆردا زۆر ئازاربەخشانەتر بێت. هەستم دوورە لە

ژینگەی دەوروبەری ماڵی خۆم، شتەکانی کولتووری وڵاتەکەم، کە من لە دەستم داون و خەونیان پێوە دەبینم.

شیعر نووسینم گەڕانەوەیە بۆ پێوەندیکردن بەو شتانەوە. ئەو پەرۆشیانەم بۆ ئازادی لە وشەدا ڕۆناوە، ئەمە پێویست بوو بۆ بەزیندوو مانەوە.

**جیهانبێگلو:** ئێمە ئەزموونێکی هاوبەشمان هەیە، هەرچەندە من لە خێزانێکی هونەری و ڕۆشنبیر، لە ئێران گەورەبوومە، باوکم و دایکم و دواتریش خۆم، هەموومان لە سەرکوتکردنی سیاسی لە ئێران ئازارمان چەشتووە، ئەمە هەندێ شتە کە کەسێکی ئاسایی کەنەدی تێی ناگات. ئازادی ڕادەربڕین حەقیقەتێکە نانرخێنرێت و لە کەنەدا دا گرێنتی کراوە. ئازادی شتێکە کە ئێمە خەباتی بۆ دەکەین، ئازادی دیارییەک نییە تا وەک تابلۆیەکی زێڕین پێشکەشمان بکرێت، بەڵام زۆر جاران لە بیردەکەین کە شۆڕشەکان بەناوی ماف و ئازادییەکان بەرپا دەبن، هەرگیز لە ڕووی سیاسییەوە ڕاستودروست نین. جێگای سەرسوڕمان نییە کە لای زۆربەی خەڵک لە ئەمەریکای باکوور گوتاری باش و سیاسەتە ڕاستودروستەکان ئەوەیە کە باسی ئازادی بکەن، ئەمەش بەهەمان شێوە بارودۆخی چەمکی یاسایە، کە زۆر جاران ئەم چەمکە دەگۆڕێت، هەروەک مارتن لوتەر کنگ پێی دەڵێت (کاغەزێکی تەنکە) نەوەک (کارێکی پتەو)، بەڵام لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، تێکۆشان بۆ ئازادی تێکۆشانە لەبارەی کارێکی پتەوەوە. ئێمە ناتوانین ئازادی بە شتێکی بەڵگەنەویست بزانین، ئێمە پێویستمان بە ئازادییە وەک چۆن پێویستمان بە ئۆکسجینە، ئێمە لە هەموو چرکەیەک، لە هەموو خولەکێک، لە هەموو کاتژمێرێکی ڕۆژدا بۆ ئازادی تێ دەکۆشین.

وەک نووسەرێکی کورد ئازاری ڕەگەزپەرستی و داپڵۆسین و بەندکردن و ئەشکەنجەدانت چەشتووە، دواجاریش تووشی ئازاری تاراوگە بوویت. تاراوگە زیاتر لە چەمکێکی جوگرافییە، تاراوگە شێوازێکی بوونی ژیانە، بە مانایەک بوونی نووسەر، یان شاعیر کە لە تاراوگە دەژیت وەک غەریبە (نامۆ) وایە. ئێمە پێویستمان بە ئازایەتی هەیە تا وەک غەریبەکان بژین، بەڵام بۆ ئەمە پێویستمان بە تێکۆشان لە پێناو هۆشیاری تاراوگە هەیە، هەروەها پەرەپێدان بە ڕێسای غەریبایەتی. پێویستە لە ڕووی هزرییەوە باوەڕبهێنین و بەرپرسیاریەتییەکی تۆکمەمان هەبێت تا بتوانین لە دەرەوەی کۆتوبەندی پاشکۆیەتی ئایدیۆلۆجی و دارایی بووەستین. مرۆڤ پێویستی بەوەیە کە لە لایەن هەستی "ئەوی تربوون" و غەریبایەتی ڕێنمایی بکرێت. ئەو شێوازەی ڕێڕەوی نووسەر، یان فەیلەسووف، یان هونەرمەندێک وەک غەریب دیاری دەکات، باشترین نموونەی ئەو حاڵەتەیە کە هیچ کات بەتەواوی ڕاست نابێتەوە.

**بەرزنجی:** هەروەک بەڕێزتان دەزانن، من لە ساڵی ٢٠٠٧ نازناوی قەڵەمی نووسەرانی کەنەدا لە تاراوگەم پێ بەخشرا. تاراوگە بۆ من هەمیشە جۆرێک لە ماڵی دووەم بووە، ماڵێک لە لووتکە، ماڵێک لە لێژی. زۆر جاران پەرۆشم بۆ ئەو ماڵەی کە لە دواوە بەجێم هێشتووە. ئەو کوردستانەی کە چیتر نەماوە، هەرچەندە من ڕێز و خۆشەویستییەکی زۆرم بۆ کەنەدا هەیە، بەڵام لە دەستدانی ئەو نیشتیمانەی کە زمانی دایکتە، هەمیشە بۆشاییەک لە ڕوحت بە جێ دەهێڵێت. لێرە لە وڵاتی کەنەدا، بە زمانێکی زۆر لەنگەوە و بە پێستێکی ڕەشتاڵەوە، ئەمە هەمیشە گرفتێکە کە هەستی پێ دەکەی کە ئاخۆ هەمان ئەو ئینتیمایەت هەیە کە کەسێکی ڕیشەیی کەنەدی هەیەتی.

ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە خۆشەویستیم بۆ ئەو وڵاتە تا ڕادەیەک فراوان نییە، بەڵام لەگەڵ کەسێکی ڕیشەیی کەنەدی بەشداری بیرەوەرییەکانی منداڵی ئەو ناکەم کە ئەو لەسەر خاکی خۆی هەیەتی، ئەو کەسە درێژترین لقەکانی دارەکان لە باوەش دەگرێت، لە دەریاچەکانی وڵاتەکەی فێری مەلەوانی دەبێت. لەو شوێنە بەشداری بیرەوەرییەکانی ئەو کەسانە دەکەم کە گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە و گەورەبوونە، لەو خاڵەی کە زەمەنەکان ناناسرێن، ئەمە لە تەمەنی پیریمدا ئەو هەستەی بۆ بەجێ هێشتووم کە لەگەڵ دوو شوێن پەیوەست بم، کە زۆر لە یەکتر دوورن، هێشتاکە لە نێوان ئەو دوو شوێنەدا بەستراوم و دەستم پێوەگرتوون، بەڵام لە کاتی قسەکردن لەگەڵ بەڕێزتان درکم بەوە کرد کە ئەو مەودایەی لە نێوان ئەم دوو شوێنەدا هەیە، لەوانەیە هۆکاری ئەوە بێت کە چۆن بتوانم بە بێ لایەنگیری و دەمارگیری بنووسم.

**جیهانبێگلو:** ئێمە وەک نووسەران ڕەخنەگرێکی

سەرسەختی مرۆڤایەتین. لەرێی بەرپرسیاربوون و هەڵوێست وەرگرتن و وەڵامدانەوە responsive، کە ئێمە دەتوانین چەندان کێشەی ئەخلاقی بورووژێنین، بەڵام پێویستە دژی هەموو شێوازێکی ستەم و نادادپەروەری قسە بکەین، تەنانەت لە کۆمەڵگا لیبراڵەکانیشدا. لێبوردەیی چاکەیەکی دنیای لە مەدەنییەت داماڵراوی ئێمە نییە، بەڵام بەرپرسیاریێتی کەسی غەریبی وەک ئێمەیە کە بیری لێ بکەنەوە. تەنیا لە رێی چەمکێکی ئەخلاقی هاووڵاتیبوونەوەیە، کە بە سۆزەوە گوێ لەوانی تر دەگرێ و وانە لە رابوردوو وەردەگرێت، دەتوانین بێ مانابوون و بێ هزربوونی ئەو پرۆسە لە مەدەنییەت خستنەی کە گرتوومانەتە بەر، هەڵبگێرینەوە. با ئێمە راشکاوانە و راستگۆیانە قسە بکەین، ئەو بێ موبالاتەی کە ئەو سیستمە لە ناو هاووڵاتیان لە سەرانسەری جیهاندا بەرهەمی دەهێنێت، هەڕەشەو مەترسییەکی راستەقینەیە. لەبەر ئەوە کێشەکە ئەوەیە: ئایا ئێمە دەتوانین لە ناو ئەو جیهانەدا بە بێ هاودڵی و هاوسۆزداری بژین ؟

**بەرزنجی:** مەسەلەیەکی گرنگ، رامێن، کە دەمەوێت باسی بکەم، پاول بلۆم(١٤) لە کتێبەکەی «دژی هاوسۆزی Against Empathy» دژی خۆی دەوەستێتەوە لە کێشەی دژی هاوسۆزی (هاودڵی)، هەرچەندە ئەم کتێبەی زۆر سەرنجراکێشە بۆ خوێندنەوە. من تێبینیم کرد زۆربەی ئەو نموونانەی کە بلۆم باسیان دەکات سەبارەت بە بەهەڵەداچوونەکانی هاوسۆزی، پێشنیاری وا بۆ ئێمە دەکات، کە ئێمە پێویستمان پێیەتی، بۆ نموونە بلۆم ئاماژە بەو هاوسۆزییەی کۆمەڵگای ئێمە دەکات سەبارەت بەو قوربانییانەی کوشتنی بە کۆمەڵ کە رۆژانە لە ناوچە شارستانییە قەڵەباڵغەکانی وەک شیکاغۆ روودەدەن، ئاخۆ سنوورێک بۆ ئێمە هەیە کە تا چەند توانایی هاوسۆزی و لێبووردەییمان هەیە، رامێن ؟ ئایا هاوسۆزیمان بەرانبەر ئەوانەی رووبەرووی مەرگەسات و درندەیی بوونەتەوە، حەقمان دەبێتە هۆی ئەوەی لە لایەن کەسی دیکەوە فەرامۆش بکرێیت، ئەگەر ئەو حاڵەتە دیاریکراوەی لەم بارەیەوە کە بلۆم باسی دەکات لە ئارادابن، رەنگدانەوەکانی چین؟

**جیهانبێگلو:** زمانی وەلانان و رەتکردنەوە (زمانی داپلۆسین-لغة الاقصاء -The language of exclusion) لە جیهانی ئێمەدا ئامادەییەکی بەرچاوانەی هەیە. لەوانەیە لە زمانی ئایدیۆلۆجیای توندڕا بەدەرنەکەوێت، بەڵام بە دڵنیاییەوە لەو لیبراڵیانەی وابەستە و داپۆشراو بە یاسایی بوونەوە «liberal fetishization of legality»(١٥) دەردەکەوێت. ئەو زمانەی کە دادپەروەری چیتر لە میانەی بەزەییەوە باسی لێوەناکرێت، بەڵکو دادپەروەری تەنیا خشتەیەکی رووتی رێکخراوە، کە خەڵک بە باشە، یان خراپە بە کاری دەهێنن، بە بێ چاودێریکردنی لە لایەن کەسانی دیکەوە، راستی ئەمە ئەوەیە، بە تایبەتی لە وڵاتانی لیبراڵیزم، کە ئێمە ئیتر ئامادە نین بۆ حەقیقەتی زیاتر. دەگوترێت (هەموو مرۆڤەکان بە یەکسانی لە دایک دەبن)، بەڵام ئەمە راست نییە، ئەو کەسانەی کە ئازاری هەژاری و ئەشکەنجەدان و بەدخۆراکی و نەخوێندەواری دەچێژن، لە بارودۆخێکی یەکساندا لە دایک نابن، بەڵام ئێمە بەم جۆرە دەبینین و دەخوێنینەوە، وەک بابەتە کاتییەکان و رووداوی شارستانی شکۆمەندی مرۆڤایەتی ئێمە. زمانی داپلۆسینی لیبراڵیزم بەئاسانی خۆی لەگەڵ داهێنانی جیهانی بەربەری دەگونجێنێت. نموونەی کوردەکان وەربگرە، هێرشی جیۆپۆلەتیکی کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی دژی ریفراندۆمی کوردستانی ئێراق و مەسعود بارزانی لە ترسی تێکچوونی سەقامگیری کوردەکان لە ئێران و تورکیا و سوریادا، یان نموونەی کەتالۆنیا کە تێیدا بەڵگەی نادیموکراسی هێز تێیدا زاڵ بوو.

زۆربەی دەسەڵاتخوازە بەربەرییەکان لە جیهاندا بەناوی شارستانیەتی پێشکەوتووی مرۆڤایەتی پایەدارن، لێرەدا گوێ نەگرتنی هاوسۆزیانە لە کەسانی دیکە ئامادەیی تەواوی هەیە، بەڵام نابێت ئێمە هەرگیز ئەوە لە یاد بکەین کە لەم بارەیەوە هانا ئارێنت نووسیویەتی، کە تەوەرەی سەرەکی گفتوگۆیەکەمانە لەبارەی تۆڵەسەندنەوە و لێبوردەیی: «ئەگەر راست بێت کە سەروەری و ئازادی وەک یەکتر وان، راستییەکەی ئەوکاتە هیچ مرۆڤیک ئازاد نابێت، چونکە سەروەری بیرۆکەیەکە هەر پشت بەخۆی دەبەستێت و هەر خۆی پێ سەروەر و دەسەڵاتدارە، کە ئەمەش لەگەڵ بارودۆخی چەندایەتی و زۆرینە ناکۆکە».

**بەرزنجی:** رامێن، ئەوەی لەکوردستان دەگوزەرێت،

بووەتە بابەتی چەندان گوتاری ئینتەرنێتی و بیرکردنەوەکانی میدیای کوردی، کە بانگەشە بۆ ئەوە دەکەن، دەڵێن لەوانەیە ئەوەی ڕووی داوە دوا بزمار بێت لە تابووتی خەڵکی کورد درابێت، بۆی هەیە من زیاتر لە پێویست گەشبین بم، یان لەوانەیە دوای ئەوەی لەمیانەی ئەوەی ڕووی دا، نەرمونیانی خەڵک و کەسەکانی کوردم بۆ دەرکەوتن. پێم وایە دەستکەوتەکان شتێکی هێندە ئاسان نینە تا لەدەست بچن. کەرکووکێکی دیکە هەیە، چەندان کەوتنی دیکە هەن، بەڵام هێشتاکە لەوباوەڕدام کە بەهیواکانمان بەردەوامی بە لێبوردەیی دەدەین.

**پەراوێزەکان:**

١- annus horribilis زاراوەیەکی لاتینییە، بە مانای ساڵی مەترسیدار horrible year دێت، لە بەرانبەر زاراوەی ساڵی خۆشی annus mirabilis، ئەمەی دواییان زاراوەیەکی کۆنە، بەڵام زاراوەی یەکەمیان تا ڕادەیەک بەکارهێنانی نوێیە. لەم بارەیەوە بڕوانە ئەم سایتە ئەلکترۆنییە: https://en.wikipedia.org/wiki/Annus_horribilis

٢- ئەم کتێبە بە زمانی کوردی لە دەزگای ئاراس بە ناوونیشانی «هەوڵدانێکی تر بۆ گرتنی مەوداکان و سەرجەم شیعرەکانی تر» لە ساڵی ٢٠٠٩ بڵاوبووەتەوە.

٣- مەبەست کتێبەکەی جەلال بەرزنجی شاعیرە بە ناوونیشانی «The Man in the Blue Pyjamas: A Prison Memoir- پیاوە بیجامە شینەکە: بیرەوەرییەکانی زیندان».

٤- ئەم کتێبە بە زمانی فارسی بەم ناوونیشانەیە: ذهن زمستانی، تأملاتی درباره زندگی در جهان ناپایدار.

٥- مەبەست کتێبەکەی ڕامین جیهانبێگلوە، بە ناوونیشانی (کات هیچ ناڵێت Time Will Say Nothing).

٦- ئەلبێر کامو (1913-1960) Albert Camus نووسەرێکی وجوودی فەرەنسییە، لە ساڵی ١٩٥٧ خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبی پێ بەخشراوە.

٧- ئەم بۆچوونەی ئەلبێر کامو لە کتێبی (کامو لە کۆمبات - نووسینەکانی ساڵانی١٩٤٤-١٩٤٦ Camus at "Combat": Writing 1944-1947) باسکراوە: بۆ زیاتر زانیاری و خوێندنەوەی بەشێک لەم کتێبە بە زمانی ئینگلیزی، بڕوانە ئەم سایتە ئەلکترۆنییە:
https://adamgomez.files.wordpress.com/2011/01/camus-neither-victims-nor-executioners.pdf

٨- هانا ئارندت (1906-1975) Hannah Arendt ئافرەتێکی هزرمەند و نووسەری بواری تیوری سیاسییە (هەروەک خۆی لە چاوپێکەوتنێکی تەلەڤزیۆنی وا باسی خۆی دەکات) لە ئەڵمانیا لە ڕەچەڵەکێکی جوولەکە لە دایک بووەو فەلسەفەی لە لای مارتن هایدگەر (Martin Heidegger 1889-1976) خوێندووە و پێوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵدا هەبووە، هەروەها دواتر بووەتە قوتابی کارل یاسپێرس (karl Jaspers- 1883-1969) بەسەرپەرشتی ئەو تێزی دوکتۆراکەی بە ناوونیشانی چەمکی خۆشەویستی لای ئۆگستین (The concept of love in Augustine) نووسیوە، لەسەردەمی نازییەکاندا گوشاری زۆری لەسەر بووە و دەستگیرکراوەو دواتر ئازادکراوە، پاشان لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا گیرساوەتەوە، لەسەرەتای نیوەی دووەمی سەدەی ڕابوردوو ڕەگەزنامەی ئەمەریکی وەرگرتووە. ئارندت چەندان کتێبی لە بواری هزری سیاسی و کۆمەڵایەتی نووسیوە، گرنگترینیان ئەمانەن: بنەماکانی تۆتالیتاریزم، بارودۆخی مرۆڤایەتی،لە نێوان ڕابوردوو و دوارۆژدا، سیاسەت چییە؟ لە درۆوە بۆ توندوتیژی، ئیخمان لە قودس، گرفتەکانی کۆماری، لەبارەی شۆڕشەوە، چەند لێکچەرێک دەربارەی فەلسەفەی سیاسی کانت، ژیانی هزر(ژیانی عەقڵ)، چەندان کتێبی دیکە. ئەو هێڵە گشتییەی کە هزری هانا ئارندت پێیەوە دەناسرێتەوە، ئەوەیە کە هەمیشە بانگەشەی لێبوردەیی کردووە و دژی توندوتیژی کاری کردووە، لای وابووە بیرۆکەی خراپەکاری شتێکی کەم بایەخە (Banality of Evil) و لە ڕەچەڵەکی مرۆڤایەتی بەدوورە، ئەمەش ڕێک پێچەوانەی ئەو بۆچوونەی فەیلەسوف عەمانۆئیل کانت (Immnuel Kant-1724-1804) بووە، کە لە کتێبی (ئایین لە سنووری عەقڵدا) خستوویەتییە ڕوو، کاتێک باسی لەوە کردووە کە خراپەکاری ڕیشەیی (الشر الجذري Radical Evil) لە سروشتی مرۆڤایەتیدایە.

٩- ئەمانۆیل لیڤیناس (Emmanuel Levinas-1995-1906) فەیلەسووفێکی فەرەنسی جوولەکەیە و

بەرەچەڵەک لیتوانییە، بە ڕەخنەگرێکی سەرسەختی بیری گشتگیری خۆرئاوا دادەنرێت. فەلسەفەکەی لە چوارچێوەی میتافیزیقیا و ئاکار دەخولێتەوە. ئەشیا برلین (Isaiah Barlin 1997-1909) فەیلەسووف و تیورسنێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئینگلیزە. جۆرج شتاینر (George Steiner-1929) هزرمەندو ڕەخنەگرێکی ئەدەبی ئەمەریکییە و جوولەکەیە و بە ڕەچەڵەک فەرەنسییە، خاوەنی چەندان بەرهەمی ئەدەبی و هزرییە.

١٠- Eichmann ئەفسەرێکی نازی بوو لە ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٦١ لە قودس دادگایی کرا، هانا ئارندت وەک ڕۆژنامەنووسێک و پەیامنێری هەفتەنامەی نیویورکر ئامادەی دادگاییکردنەکە بووبوو، دواتر لە ساڵی ١٩٦٢ کتێبێکی بە ناوونیشانی (ئیخمان لە قودس) لەسەر نووسی، ڕاپۆرتێک دەربارەی (بێ نرخی خراپەکاری) ئەم کتێبە لە ساڵی ١٩٦٣ بڵاوکرایەوە، پاشان وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی بە ناوونیشانی (ایخمان في القدس، تقرير حول تفاهة الشر، ترجمة: نادره السنوسي، ابن النديم للنشر و التوزيع -الجزائر و دار الروافد الثقافية-بيروت- الطبعة الاولى، ٢٠١٤). بیروبۆچوونەکانی ئارندت دەربارەی بێ نرخی خراپەکاری (تفاهة الشر) پێچەوانەی بۆچوونەکانی کانت بوون دەربارەی خراپەکاری ڕیشەیی (الشر الجذري)، ئارندت لەسەر ئەو بۆچوونانەی، بەبیری دژی جوولەکە تۆمەتبار کرا، هەرچەندە خۆی بەڕەچەڵەک جوولەکە بوو.

١١- فرانز فانۆن (1925-1965) Frantz Fanon نووسەرێکی ئازادیخوازی فەرەنسییە و پیشەی پزیشکی دەروونی بووە، بەشداری شۆڕشی ڕزگاریخوازی گەلی جەزائیری کردووە، بیروبۆچوونەکانی لەو دوو کتێبەیدا خستووەتەڕوو (ئەشکەنجەدراوانی سەرزەوی The wretched of Earth) و (پێستی ڕەش و دەمامکە سپییەکان) Black skin , white masks.

١٢- ئۆسیپ ماندلشتام (Osip Mandelstam1891-1938) شاعیرێکی ڕووسییە، لە وارشۆ لە دایک بووە و لە شارەکانی پترسبورگ و مۆسکۆ و پاریس و کیف و بەرلین ژیاوە، لە سەردەمی ستالین ڕووبەڕووی زیندان و ئەشکەنجەدان و دوورخستنەوە بووەتەوە.

١٣- بۆ جوانتر وەرگێرانی ئەو پارچە شیعرەی ماندلشتام داوام لە مامۆستا جەلال بەرزنجی کرد کە خۆی وەریبگێڕێتە سەرزمانی کوردی، ئەویش پێی وابوو کە دەکرێت بەم شێوەیە وەربگێڕدرێت.

١٤- پۆل بلوم Paul Bloom سایکۆلۆجستێکی psychologist کەنەدی ئەمەریکییە، لە ساڵی ١٩٦٣ لە کەنەدا لە دایک بووە، خاوەنی چەندان بۆچوون و تیوری بواری سایکۆلۆجییە، گرنگترین و بەربڵاوترین بۆچوونی لە کتێبی (دژی هاوسۆزی Against Empathy) خستووەتە ڕوو، کە پێی وایە زۆرجاران هاوسۆزی و دڵبەستەی بە ڕووداوێک، یان هەر شتێک جۆرێک لە خراپەکاری لێ دەکەوێتەوە.

١٥- ئەم دەستەواژەیە liberal fetishization of legality دەستەواژەیەکی نوێیە کە لەم گفتوگۆیەدا ڕامێن جیهانبێگلو بەکاری هێناوە، پێم وایە زیاتر مەبەست لێی ئەو جۆرە لیبراڵییەیە کە بە زاراوەی سەروەری یاسا و یاسا بوونەوە ڕووکەش کراوە، لەم بوارەدا وەک ڕۆتینی لێهاتووە، هەروەک چۆن لیبراڵیزمەکان دەڵێن هەموو مرۆڤ بە ئازادی لە دایک دەبێت، بۆیە ئازادە، ئەمە دروشمێکی بریقەدار و جوانە و یاساکانیش باسی لێوەدەکەن، بەڵام لە ژیانی واقیعیدا ئەو ئازادییەی مرۆڤ زۆر ئاڵۆزکاری تێدایە کە خودی یاساکان ناتوانن ئەو ئازادییە وەک پێویست دەستەبەر بکەن.

**سەرچاوە:**

**ئەم گفتوگۆیە لەو سایتە ئەلکترۆنییەی گۆڤاری ڕانانی ئەدەبی کەنەدی LITERARY REVIEW OF CANADA بڵاوکراوەتەوە:**

**http://reviewcanada.ca/magazine/2017/12/a-poetics-of-forgiveness/**